# مەرج نییە تێستی PSA دەستنیشانی شێرپەنجەی پرۆستات بکات

**توێژیارانی ئەمێریکایی توێژینەوەیەکی گرنگیان لەسەر 520 پیاوی تەمەن 35–69 ساڵدا ئەنجامداوە کە گومانیان لێدەکرا تووشی شێرپەنجەی پرۆستات بن لەبەرئەوەی خزمی نزیکیان هەبووە کە تووشی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە بووە یان رەگەزیان جیاوازبووە . بە تایبەتی ئەو کەسانە خزمی ئەفریکا–ئەمێریکاییان هەبوە و مەترسی زۆریان لێدەکرا کە تووشی شێرپەنجەی پرۆستات بن .**

**بە پێی توێژینەوەکە پاش ئەوەی پیاوەکان کۆنترۆڵی کۆم یان بۆ کراوە گومانیان لێکراوە و نموونەیەکی پرۆستاتیان لێوەرگیراوە و هاوکات تێستی PSA ی نێوخوێنیان بۆ کراوە .**

**لەو 520 پیاوە 75 یان نمونەی (biopsy) پرۆستاتیان لێوەرگیراوە ، بە گشتی تێستی PSA یان 3.5 بووە .**

**بە پێی توێژیاران لە 45٪ ی پیاوە پشکێندراوەکان شێرپەنجەی پرۆستاتیان تیادا دەستنیشانکراوە .**

**لە 26٪ ی ئەمانیش تووشی جۆرێك شێرپەنجەی دڕ(aggressiv) پرۆستات بوون .**

**ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا توێژیارانی سەرسام کرد بریتییە لە :**

**لە چوار بەشی نەخۆشەکان بەشێکیان واتە ئەوانەی شێرپەنجەکەیان تیادا دەستنیشانکرابوو ئەنجامی تێستی PSA یان 2.5 بوو .**

**توێژیارانی مەڵبەندی Fox Chase ی فیلادێلفیای ئەمێریکایی دەبێژن باشتر وایە پزیشك زۆربەی پیاوان بنێرێت بۆ دانانی نمونەی پرۆستات و بۆ دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی پرۆستات و زۆر پشت بە تێستی ناوبراو نەبەستێت.**

**سەرچاوە**


1.www.dagensmedicin.se 05.05.17 ©.